**"ئازادیی مرۆڤ لەسایەی حکومەتدا بریتیە لەوەی یاسایەکی باڵا هەبێت لەسایەیاندا بژی، بەسەر هەموو کەسێکی ناو ئەو کۆمەڵگەیە پیادەببێت، دەسەڵاتی یاسادانانی کۆمەڵگەکە دایناببێت.**

# دەستورییبوون ئەمریکاو دەرەوەی



**گریگ روسیل لەئینگلیزییەوە: ئاوات ئەحمەد سوڵتان**

**جۆن لۆک**
نامەی دووهەم نەسکی 4

دەستوریبوون یان سەروەری یاسا مانای ئەوەیە کە دەسەڵاتی سەرکردەکان و دامەزراوەکانی حکومەت سنوردارکراون، ئەو سنورانەش لەتوێی چەند ڕێوشوێنێکی دیاریکراوەوە دەسەپێنرێن. دەستوریبوون وەک کۆمەڵێک بنەمای سیاسی و یاسایی، لەپلەی یەکەمدا مانای چاکەی تەواوی کۆمەڵگەو پاراستنی مافی تاکەکان دەگەیەنێت.

حکومەتی دەستوری، کەریشەی لەناو ئایدیا سیاسییە لیبراڵەکاندا داکوتاوە، لەئەوروپای خۆرئاواو ویلایەتەیەکگرتووەکانەوە سەریهەڵداوە، وەک داکۆکیکردنێک لەمافەکانی ژیان و مولکایەتیکردن، هەروەها ئازادی پەرستن و گوزارشتکردن بۆ تاکەکان، لەپێناوی زامنکردنی ئەم ئازادییانەدا، دانەرانی فەرمانڕەوایی دەستوری جەختیانکردووە لەسەر بوونی کۆتوپێوەند بۆ دەسرۆیشتوویی هەریەکە لە دەسەڵاتەکانی فەرمانڕەواییکردن و یەکسانی لەبەردەمی یاساداو نەزاهەتی دادگاکان و جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت. جۆن میلتۆنی شاعیرو هەردوو یاساناس ئیدوارد کوک و ولیەم بلاکستۆن، هەروەها سیاسەتمەدارانی وەک تۆماس جێفرسۆن و جەیمس مادیسۆن، فەیلەسوفانی وەک تۆماس هۆبزو جۆن لۆک و ئادەم سمیس و بارون دی مۆنتسکیۆو جۆن ستیوارت میل و ئایزایا بێرلین، لەهەمووان باشتر گوزارشتیان لەم نەریتانەکردووە.

لەسەدەی بیست ویەکەمدا، ئەو گرفتانەی رووبەرووی فەرمانڕەوایی دەستوریی دەبنەوە، بەزۆری گرفتی ئەو حکومەتانە دەبن کە بەدیموکراسی دادەنرێن، دیاردە نوێیەکەی

"دیموکراسی نالیبراڵ" ڕەوایی و هێزی خۆی لەوەوە وەردەگرێت کەئەو سیستمانەی لەناویاندا دەردەکەون، تا ڕادەیەک دیموکراسی دیارن. دیموکراسی نالیبراڵ، واتە دیموکراسی رووکەشی کەلیبڕالیزمی دەستوریی لەگەڵدا نیە، نەک هەر بەس نیە، بەڵکو مەترسیداریشە، چونکە تەسککردنەوەی ئازادی و خراپ بەکارهێنانی دەسەلات و دووبەرەکیی نەژادیی و تەنانەت جەنگیشی لەهەناویدا هەڵگرتووە. هەردەم وا نەبووە کە بڵاوبوونەوەی دیموکراسی لەجیهاندا تەشەنەکردنێکی هاوتەریبی ئازادی دەستوریی لەگەڵدا بوو‌بێت. ژمارەیەک لەسەرکردەی دیموکراسییانە هەڵبژێردراو هەن، کەدەسەڵاتەکانیان بەکارهێناوە بۆ پاساودانی کەمکردنەوەی ئازادییەکان. بوونی نەریتێکی زیندووی ئازادی سیاسی، لەوەتێدەپەڕێت کەبەتەنها هەڵبژاردنی ئازادو بێگەرد، یان دابینکردنی دەرفەتی زیاتر بۆ گوزارشتکردن لەراو بۆچوونە سیاسییەکان بێت. دیموکراسی لیبرالی بناغەیەکی یاسایش بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دابیندەکات، ئەمەش وەک پشتیوانییەک بۆ ئازادییە بنەرەتییەکان لەوێنەی ئازادی گوزارشتکردن و کۆبوونەوەو پەرستن و مولکایەتی.

**دەستوریبوون: بناغەمێژووییەکان:**

تیورە نوێیەکانی لیبرالیزمی سیاسی، لەخەباتی پێناو دامەزراندنی حکومەتێکی دەستوریدا، گوزارشتی کردەیی خۆیان دۆزییەوە. یەکەمین سەرکەوتنەکانی لیبرالیزم، لەوانەیە گرنگترینیشیان بێت، لەئینگلتەرا بەدیهات. لەسەدەی شازدەهەمدا، چینی بازرگانی دەرکەوتوو، کەپشتیوانی لەخێزانی شاهانەی تیۆدۆرەکان کرد، هەر ئەوان بوون کە لەسەدەی حەڤدەدا سەرکردایەتی شەڕی شۆڕشگێرانەیان کردو سەرکەوتوو بوون لەچەسپاندنی سەروەریی پەرلەمان و سەرەنجامیش سەروەری ئەنجومەنی گشتی. ئەوەی وەک خاسییەتێکی جیاکەرەوەی دەستورێتی هاوچەرخ دەرکەوت، بریتی نەبوو لەپێداگرتن لەسەر بیرۆکەی ملکەچکردنی پادشا بۆ یاسا (گەرچی ئەم چەمکەخاسییەتی جەوهەریی هەموو شێوەکانی دەستورێتییە). ئەم بیرۆکەیە لەسەدەکانی ناوەراستەوە چەسپابوو. خاسییەتە جیاکەرەوەکە دامەزراندنی کارای کۆنترۆڵی سیاسی بوو، بەجۆرێک کەپیادەکردنی سەروەری یاسا قابیلی پیادەکردن بێت. دەستورێتی هاوچەرخ لەگەڵ پێویستی سیاسی بۆ ئەوەی حکومەت نوێنەرایەتی بێت و گوزارشت لەرەزامەندی فەرمانرەواییکراوان بکات.

زیادلەوەش فەرمانرەواییکردنی دەستوریانەی هاوچەرخ، پێوەستێکی بەتینی بەرەوشی ئابوری و دەسەڵاتی مەسرەفکردنەوە هەیە، واتە ئەو بیرۆکەیەی دەڵێت کەپێویستە نوێنەرایەتی ئەوانە زامنبکرێت کە باجەکانیان کاروباری حکومەت رایدەکەن. ئەو بنەمایەش کەدەڵێت داهاتەئابورییەکان و جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی هاووڵاتیان دوو مەسەلەی هاوپێچن، ئەمەش گرنگترین رەگەزە لەحکومەتی دەستوریی هاوچەرخدا. کەمبوونەوەی داهاتە دەرەبەگایەتییەکانی پادشاکان و گەشەکردنی دامەزراوە نوێنەرایەتییەکان و هەستکردنی بە هاوپشتیی نەتەوەیی، نەک دلسۆزی هێمایی بۆ پادشاو کۆشک، تا ئاستێکی زۆر وایانکرد کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پادشا ببێتە مەسەلەیەکی راستەقینەو کاریگەر.

بەلام وەک تیبینی دەکرێت، شۆڕشی ئینگلیزی لەبەندەکانی بەڵگەنامەی مافەکانی ساڵی 1689 وە، تەنها بۆ پاراستنی مافەکانی مولکایەتی (بەمانا تەسکەکەی) رووینەدا، بەڵکو بۆ چەسپاندنی ئەو مافانەبوو کەلیبراڵەکان بەگرنگیان دەزانی بۆ کەرامەتی مرۆڤ و بەها مینۆکییەکەی. "مافی مرۆڤ" کەلەپەیمانی ئینگلیزیی مافەکاندا هاتبوو، وردەوردە لەدەرەوەی سنورەکانی ئینگلتەراشدا کەوتەروو، بەتایبەتی دوای سەربەخۆیی ئەمریکا لەساڵی 1776 دا، هەروەها جارنامەی فەرەنسی بۆ مافەکانی مرۆڤ 1789. سەدەی هەژدەش دەرکەوتنی مافی دەستوریی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و فەرەنسا بەخۆوەبینی، هەروەها سەدەی نۆزدەش بەپلەی جیاجیای سەرکەوتن، لەئەلمانیاو ئیتالیاو چەند وڵاتێکی جیهانی خۆراواییدا، درێژبوونەوەی هەبوو.

دەستوریبوون و کەلەپوری دامەزرێنەرە ئەمریکییەکان، سیستمی دەستوریی ئەمریکا لەسەر بناغەی رەزامەندی پیاوان و ژنانی ژیرو ئازاد دامەزراوە، وەک ئەوەی کە"پەیمانی

کۆمەڵایەتی" گوزارشتی لێدەکات بەوەی متمانەیەکە بۆ چەند ئامانجێکی دیاریکراو سەرهەڵدەدات. لەماوەی هەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدەدا، کاریگەریی تیۆرەکانی "پەیمانی کۆمەڵایەتی" لەئەوروپا گەیشتە لوتکە، پەیمانە کە دەدرێتەپاڵ هەردوو فەیلەسوفی ئینگلیزی تۆماس هۆبزو جۆن لۆک و فەیلەسوفی فەرەنسی جان جاک رۆسۆ. بەلای ئەو بیرمەندانەوە تاکەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و لەئەنجامی پیرکردنەوەی لۆژیکییانەدا، رازی بوون کەمەرجەکانی کۆمەڵ پەسەند بکەن و پابەندبوونی سیاسی لەئەستۆ گرت، هەروەها بەباشی لەسوودەکانی "کۆمەڵگەی مەدەنیی" تێگەیشتبوون، کەتێیدا تاکەکان ئەرکیش و مافیشیان هەیە، بەبەراورد لەگەڵ زیانەکانی "حاڵەتی سروشتی"دا کەرەوشێکی گریمانییەو تێیدا دەسەڵاتی حکومیی بەتەواوەتی بزرە. بیرۆکەی "پەیمانی کۆمەڵایەتی" نیشاندەری تێگەیشتنێکی بنەرەتییە لەوەی کە بەبوونی حکومەتێکی ئـازاد و مرۆڤە پارێزراوەکان لە هوروژمی ئەو هەواو هەوەسانەی دەبنەهۆی پشێویی و ستەمکاریی و یاخیبوون لە نەزمی ئەقڵانییانەی بوون، دەتوانرێت کۆمەڵگەیەکی وەها پێکبهێنرێت کەشایستەی ئەوەبێت تێیدا بژین. لەژمارە 2 ی فیدرالیستدا، جۆن جەی نووسیویەتی کەدەسبەرداربوونی تاک لەژمارەیەک لەمافەسروشتییەکانی بۆ کۆمەڵگە بۆ ئەوەی حکومەت دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت لەپێناوی بەدیهێنانی چاکەی گشتیدا هەڵبسورێت. دەرەنجامەکەش ئەوەیە تاک بۆ ئەوەی وەک هاووڵاتی بەشداریی دیموکراسی دەستوریی بکات، دەبێت گوێرایەڵی یاساو بڕیارەکانی کۆمەڵگە بێت، لەبارەی پرسە گشتییەکانەوە تەنانەت ئەگەر زۆر بەتوندیش رای لەگەڵ ئەو کارانەدا نەبوو. هەریەکە لە ئەرستۆ، سپینۆزا، هۆبز، لۆک، هەروەها باوانی دامەزرێنەری ئەمریکا، پێیانوابوو پێویستە هەریەکە لە"درنجمرۆڤ" واتە تاوانکاری نیە لیست یان ئاشوبگەرا، لەگەڵ "یەزدانمرۆڤ" ئەو مرۆڤەی کەئەگەری ئەوەی هەیە ببێت بەدیکتاتۆر، لەکۆمەڵگەدا نەمێنن، چونکە هەردووکیان دەسەلات دەخەنە دەستی خۆیانەوەو هەوڵدەدەن بەدەستی خۆیان یاساو رێساکان بسەپێنن. ئەمەیە مەرجی بنەرەتی کۆمەڵگەی مەدەنیی بێ، ئەمە ناتوانێت بوونی هەبێت.

یاساو سیاسەتەکانی حکومەتی دەستوری تەنها هەر ئەوەندەنین کەسنورداربن و لەسەر رەزامەندی دامەزرابن، بەڵکو پێویستیشە لەپێناوی خۆشگوزەرانی ئەندامانی کۆمەڵگەدا بەگشتی و هەر تاکێکیش بەتایبەتی، کاربکەن.

پیاوانی دەوڵـەت لەئەمریکا، شۆرشگێران و دانەری دەستوریش وەک یەک، لەکاروانی مێژووی ئەمریکادا، خـاوەنـی ئـەم میراتییەن، ئیتر هـەر لەراگەیاندنی سەربەخۆییەوە(1776) بیگرە تا دەگاتە بەندەکانی کۆنفیدراسیۆن (1781) بۆ کۆتاییهاتنی شەری شۆرشگێریی (1783) بەرەو دارشتنی دەستور (1787) و پەسەندکردنی قەباڵەی مافەکان (1791). ژمارەیەک بیرۆکەی نمونەیی هەن کەپێکەوە ئەم خەباتە ئەمریکاییە لەپێناوی سەربەستی و دەستوریبووندا وێنادەکەن.

### سەروەریی گەل

"ئێمەی گەل...ئەم دەستورە دەخوڵقێنین و دایدەرێژین". ئەم وشانە لەپێشەکی دەستورەکەدا هەن و گوزارشت لەبنەمای سەروەریی گەل، یان فەرمانرەوایی گەل دەکەن. دارێژەرانی دەستور دیکۆمێنتێکیان بۆ فەرمانرەوایی دانا، هەروەها بەپێی ئەو بنەمایەی دەڵێت دەسەڵاتی کۆتایی لای حکومەت یان هیچ بەرپرسێکی حکومی نیە، بەڵکو لای گەلە، خستیانەروو بۆ ئەوەی گەل پەسەندی بکات. "ئێمەی گەل" خاوەنی حکومەتی خۆمانین، بەڵام لەسایەی دیموکراسی نوێنەرایەتیدا، دەسەڵاتە رۆژانەییەکان دەسپێرین بەدەستەیەک لەنوێنەرە هەڵبژێردراوەکانمان، بەڵام ئەو نوێنەرایەتیکردنەی دەسەڵاتەکان بەهیچ جۆرێک ماف و بەرپرسیارێتییەکانی گەل وەک سەروەری باڵا کورتناکاتەوە یان لەناوی نابات. رەوایی فەرمانرەوا بـەردەوام پشت بەفەرمانرەواییکراوان دەبەستێت، کەبەشێوەیەکی ئاشتییانە پارێزگاریی لەمافی چەسپاوی خۆیان دەکەن بۆ گۆرینی حکومەت یان هەمووارکردنی دەستورەکەیان.

### سەروەریی یاسا

لەسایەی تیۆری دەستوریبووندا، پێویستەکات حکومەت دادپەروەرو ماقوڵ بێت، نەک تەنها لەگۆشەی هەستوسۆزەکانی زۆرینەوە، بەڵکو لەرووی گونجانییەوە لەگەڵ یاسایەکی باڵاشدا، ئەوەی کە راگەیاندنی سەربەخۆیی بە"یاساکانی سروشت و خـودای سروشت" ناویدەبات. ئەو یاسایەش کەپەرلەمانی بەریتانیا لەساڵی 1788 دا دەریکردو رایگەیاند هەموو کۆلۆنییە ئەمریکییەکان "لەهەموو شتێکدا ملکەچی تاجی بەریتانین و پێوەستن پێوەی" بەشێوەیەکی دراماتیکی ناکۆکی نێوان یاساو سەروەریی یاسای بەرجەستەکرد. سەروەریی یاسا مانای ئەوەیە هانا ببرێت بۆ ستانداردێکی باڵای یاساو دادپەروەری – کەباڵایەو هەمووانیش لێی تێدەگەن — نەک یاسای ئاسایی یان، یاسای بەرکارخراو لەلایەن سیاسەتمەداره هاوچەرخەکانەوە. دامەزرێنەران باوەریانوابوو کەسەروەری

ياسا شادەماری نەزمی كۆمەڵایەتی ئەمریكاو ئازادییە بنەرەتییەكانە. سەروەریی یاسا، واتە پەیوەندییەكانمان لەگەڵ یەكترییدا (هەروەها لەگەڵ دەولەتیش) لەلایەن سێتێك لەبنەمای تا رادەیەك بێلایەنەوەرێكدەخرێن — نەك لەلایەن گروپێك لەتاكەكانەوە- ئەوكاتەش ناخوازین ببین بەقوربانی فەرمانرەوایی زۆردارانەیان دەسەڵاتخوازانە. جێگای ئاماژەیە كە گوێرایەڵی بۆ سەروەریی یاسا بەتەنها بەسەر مافەكان و ئازادییەكانی رەعییەت و هاووڵاتیدا پیادەنابێت، بەڵكو بەیەكسانی فەرمانرەوایان و بەرێوەبەرانیش دەگرێتەوە. دامەزرێنەران بەرێگرتن لەوەی كەتاك و دەولەت بچنەسەرووی یاسای باڵای وڵاتەوە، شورایەكی پارێزەریان بەدەوری ئازادی و مافەكانی تاكەكاندا كێشا، جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان و سیستمی لێپێچینەوەو هاوسەنگییەكان دەبوو دامەزرێنەران وەڵامی پرسیاری ئەوەی چۆن حكومەتی یاسا نەك هی مرۆڤەكان پیادەدەكرێت، لەكاتێكدا كەتەنها مرۆڤەكانمان لەبەردەستدایە بۆ فەرمانرەواییكردن. ئەو سەركردانە سیاسەتمەداری واقیعی بوون و هەوڵیاندا رۆحی دەستوریبوون بگەیەنن بەخاسییەتە ناوازەكانی كات و سەردەمی خۆیان. رەنگە باشترین گوزارشت لەم مەتەلە فەلسەفی و پراكتیكییەوە، لەجەیمس مادیسۆنەوە بێت، كەلەژمارە 51 ی فیدرالیستدا نووسیوێتی. مادیسۆن وتی كەپێویستە خواست هاوسەنگكەری خواست بێت. دەبوو بەرژەوەندییەكانی خەڵك بەشێوەیەكی جیانەكراوە بلكێن بەمافە دەستورییەكانی شوێنەكەوە. تەنها زانینێكی كەم لەبارەی سروشتی مرۆڤەوە، پێماندەڵێت "شتی لەم جۆرەزۆر پێویستە بۆ كۆنترۆڵكردنی خراپ بەكارهێنانی حكومەت". ئەگەر مرۆڤەكان فریشتەبوونایە، ئەوكاتە نە كۆنترۆڵی دەرەكی و نە ناوەكی لەسەر حكومەت پێویست نەدەبوون. مادیسۆن كەسێكی واقیعی بوو. دەستوریبوون، بەزاراوەكانی مادیسۆن، پێویستی بەسیاسەتێكی "فەراهەمكردنی بەرژەوەندییە ناكۆك و دژەكان هەیە بۆ چارەسەركردنی ناتەواویی ناو باشترین هاندەرەكانەوە." پێویستە چوارچێوەی دەستوریی لەسەر بناغەی رێزگرتنی وریایانەی مرۆڤ، توانا بدات بەحكومەت تا كۆنترۆڵی فەرمانرەواییكراوان بكات. هەرچۆنێك بێت رێوشوێنە خۆپارێزەكانی لێپێچینەوەو هاوسەنگیكردن لەناو خودی حكومەتدا، بەهای لەو كەمتر نیە.

**لەسایەی تیۆری دەستوریبووندا، پێویستدەكات حكومەت دادپەروەرو ماقول بێت، نەك تەنها لەگۆشەی هەستوسۆزەكانی زۆرینەوە، بەڵكو لەرووی گونجانییەوە لەگەڵ یاسایەكی باڵاشدا**

دارێژەرانی دەستوریبوون بەدابەشكردنی كاروباری حكومەت لەنێوان سێ لقی سەربەخۆدا، زامنی ئەوەیان كرد كەدەسەڵاتە بنچینەییەكانی حكومەت — یاسادانان، جێبەجێكردن، دادوەریـــی — لەلایەن یەك تاقە لقەوە قۆرخنەكرێن. بەشكردنی دەسەڵاتەكانی حكومەت لەنێوان سێ لقی جیادا، رێگریشە لەبەردەم پێكهێنانی حكومەتی نەتەوەیی زۆر بەهێزی وادا كەبتوانێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر حكومەتەكانی ویلایەتەكاندا بسەپێنێت. دەسەڵاتە حكومییەكان و بەرپرسیارێتییەكان بەناویەكدا چوون. نمونەش ئەوەیە كە چۆن دەسەڵاتی كۆنگرێس لەدانانی یاسادا لەرێگای لێپێچینەوەوە بەهۆی ڤیتۆی سەرۆكایەتییەوە جلەودەكرێت. ئەم ڤیتۆیەش لای خۆیەوە بەدەنگدانی دوو لەسەر سێی هــەردوو ئەنجومەنەكەی كۆنگرێس پووچەڵدەكرێتەوە. سەركۆمار وەك فەرماندەی گشتی كاردەكات، بەڵام تەنها كۆنگرێس توانای هەیە سوپا دابمەزرێنێت و پیتاكی بكات، لەگەڵ دەسەڵاتی راگەیاندنی جەنگدا. سەرۆك دەسەڵاتی هەیە دادوەرە فیدرالییەكان، باڵیۆزەكان و بەرپرسە باڵاكانی تری حكومەت دابمەزرێنێت، بەڵام پێویستە هەموو دامەزراندنەكان بەراوێژو رەزامەندی سیناتۆرەكان بن. هیچ یاسایەك بەركار ناخرێت هەتا بەهەردوو ئەنجومەنەكەی كۆنگرێسدا نەروات.

دادگـــای بـــاڵا دەســەڵاتــی كۆتایی هەیەبریارەكانی هەردوو لقی یاسادانان و جێبەجێكردن بەنادەستوریی دابنێت. رەگی پێداچوونەوەی داوەریی و هێزی دادگای فیدرالی ویلایەتە یەكگرتووەكان دەگەرێتەوە بۆ دوای سكالاكەی ماربوری دژی مادیسۆن لەساڵی 1803 دا. دەسەڵاتی داوەریـــی لەدەستوری نووسراوی ئەمریكاوە نایەت، كەهیچ ئاماژەیەكی روونی بۆ ئەم دەسەڵاتەتێدا نیە، بەڵكو لەزنجیرەیەك كەیسی دادگاوە هاتووە كە دەگەرێتەوە بۆ سالانی (1700) كان. ئەوەی لەنێوان ئەو كەیسانەدا هاوبەشە، لانی كەم وەك پاساودانی فەلسفییانەیان ئاكارییانەی دەسەڵاتی دادگا، لینكی نێوان پیداچوونەوەی دادگاو یاسای باڵان. ئەمریكاییەكانی ئەو سەردەمە ئەو بیرۆكە دێرینەیان هەڵگرتبووەوە كەدەیووت، ئەگەر یاسای دانــراو یان مرۆیی پێچەوانەی یاسای سروشت بوو، ئەوە چیتر یاسا نیە، بەڵكو لادانە لەیاسا.

لەمبارەیەوە جەیمس ئۆتیس لەوتارێکیدا بەناونیشانی "جەختکردن و سەلمەندنی مافەکانی کۆلۆنییە بەریتانییەکان" کەلەساڵی 1764 دا بڵاوکرایەوە. گوزارشت لەبیرۆکە گشتییەکە دەکات، کەدەڵێت:

مرۆڤ یاسای سروشتی دانەناوە، دەسەڵاتی ئەوەشی نیە کە هەمواری بکات یان ڕەوتەکەی بگۆڕێت. هەر ئەوەندەی لەدەست دێت کەپێرەوەی لێبکات و پابەندی بێت، یان یاخی ببێت و بیشکێنێت. هەرگیزیش ئەوەبێ سزا نەبووە، تەنانەت لەم ژیانەدا، ئەگەر سزای هەر مرۆڤێک ئەوەبێت کەهەستبکات بێبەرییکراوە، خۆی ببینێتەوە بەهۆی گەمژەیی و خراپەکارییەکانییەوە لەچاکەکاران و پیاوچاکان نزمترەو دابەزیوە بۆ ئاستی جانەوەر، یان لەهاوری، بگرە باوکی وڵاتەکەیەوە، گۆڕاوە بۆ شێرێک یان پڵنگێکی درندە.

## فیدرالیزم

دامەزرێنەران بریاریان لەوەش داوە، کەپێویستە دەسەڵات لەنێوان ئاستەجیاجیاکانی حکومەتدا بەشبکرێت: ئاستی نەتەوەیی و دەولـەت. نوشوستیهێنانی مادەکانی کۆنفیدراسیۆن (1781-87) لەخولقاندنی حکومەتێکی بەهاداردا بۆ کۆلۆنییە ئەمریکییەکان وای لەنوێنەرەکانی کۆنفرانسی دەستوری ساڵی 1787 لەفیلادەلفیا کرد، دەسەڵاتی زیاتر بدەن بەناوەند یان حکومەت.

ئەو مادانە بوونە پردێک لەنێوان ئەو حکومەتەدا کە کۆنگرێسی دەستوریی حکومەتەکەي کۆنگرێسی کیشوەری لەماوەی شۆڕش و حکومەتی فیدرال کە لەلایەن دەستوری 1787 ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە پێکهێنرا.

لەماوەی شۆڕشکردندا، ئەزمونی دەسەڵاتی ناوەندیی لەخۆبایی بەریتانیا لەزەینی دانیشتوانی کۆلۆنییەکاندا زۆر روون بوو، بۆیە وایانکرد کەمادەکانی ئەو دەستورە کۆنفیدراسیۆنی ویلایەتە سەربەخۆکان دابمەزرێنن. بەڵام مادەکان هیچ دەسەڵاتێکیان نەدا بەکۆنگرێس کەپێداویستییەکانی خۆی لەدراو یان هێزی سەربازیی بەسەر ویلایەتەکاندا بسەپێنێت، لەکۆتایی ساڵی 1786 دا، کاریگەریی حکومەتەکە کزی کردو دارما.

لەسایەی دەستوری ئەمریکادا، کۆنفیدراسیۆن ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ فیدرالی — کەسیستمێکە تێیدا دەسەلات لەنێوان یەک حکومەتی نیشتمانی و ژمارەیەک حکومەتی ویلایەتەکاندا دابەشدەکرێت. حکومەتی نیشتمانی لەچەند کایەکەدا باڵادەست دەبێت، بەڵام ویلایەتەکان بەتەنها یەکەی ئیداریی سەر بەحکومەتی ناوەندی نابن. مافەکانی ویلایەتەکان لەچەند ڕێگایەکەوەپارێزراو بوو. یەکەم، هەمواركردنی ژمارە10 ی دەستور روونیکردوەتەوە کەچەند کایەیەکی چالاکی تایبەتن بەویلایەتەکان. بۆ نمونە حکومەتەکانی ویلایەتەکان، بەشێوەیەکی گشتی خۆیان بەرپرسن لەبەرێوەبردنی بودجەی خۆیان و پیادەکردنی یاساکان لەچەند کایەیەکدا کە کاریگەرییان لەسەر دانیشتوانی ویلایەتەکانی خۆیان هەیە. دووەم، ویلایەتەکان لەڕێگای نوێنەرەکانیانەوە لەئەنجومەنی سیناتۆرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا پارێزراون: هەر ویلایەتێک دوو سیناتۆری هەیە، بێ گوێدانە قەبارەی ویلایەتەکە. سێهەم دەستەی هەڵبژاردن، ئەو دەزگایەی بەفەرمی سەرۆکی ئەمریکا هەڵدەبژێرێت، کە پێکهاتووە لەکۆی ئەو کەسانەی ویلایەتەکان هەڵیانبژاردوون بۆ ئەوەی لای خۆیانەوە سەرۆک هەڵببژێرن، هەر ویلایەتەش لانی کەم سێ نوێنەری لەو دەستەیەدا هەیە. چوارەم ڕێوشوێنی هەمواركردنی دەستوریش دیسان بەرژەوەندییەکانی ویلایەتەکان پەرچدەکاتەوە، چونکە هەر هەمواركردنێکی دەستور پێویستی بە ڕەزامەندی سێ لەسەر چواری هەموو یاسادانەرەکانی ویلایەتەکان هەیە، لەپاڵ دوو لەسەر سێی ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنەکەی کۆنگرێس. ئەم پارێزانە لەناو دەستوریشدا جیگیرکراون، ئەمەش بۆ ئەوەی ویلایەتەبچووکەکان پارێزراو بن لـەوەی بکەونە ژێر هەژمونی ویلایەتە گەورەکانەوە. دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان ویلایەتەکان و حکومەتی نیشتمانیدا لێپێچینەوەیەکی بونیادی زیاترە لەتوێی سیستمی تۆکمە داڕێژراوی دیسپلین و هاوسەنگییەکاندا.

## تێکۆشان لەپێناوی مافەکەسییەکاندا

پێشەکی دەستورە کەچاوی بریوەتە نەزمێکی نوێی سیاسی بۆ ئەمریکا کە لەسەر بناغەی ئەم پرەنسیپانەی خـوارەوە دامەزرابێت: پێکهێنانی یەکێتییەکی کاملتر، زامنکردنی داکۆکیکردنی هاوبەش، بەرکەماڵکردنی دادپەروەری، هەروەها زامنکردنی نازو نیعمەتەکانی ئازادی بۆ نەوەکانی ئێستاو داهاتوو. تەنانەت پێش ئەوەش ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی باسی لە"مافەدەسکاری نەکراوەکان" کردووە کەخەڵکی بەوەی مرۆڤن هەیانەو هیچ حکومەتێک ناتوانێت زەوتیان بکات. باشترین ڕێگا بۆ زامنکردنی دادپەروەری و بەهرەمەندبوون لەئازادی (ئەوساش و ئێستاش) مایەی جیاوازی و ناکۆکی زۆر بووە. کاتێک بۆ یەکەمجار دەستورەکە داڕێــژراو خرایە بەردەمی ویلایەتەکان بۆ ڕەزامەندی بەخشین، مادەکانی هیچ ئاماژەیەکیان بۆ مافەکانی تاک تێدا نەبوو. یەکێک لە لێکدانەوەکانی ئەمەش ئەوەیە کە دانەرانی

دەستورەکە گریمانەی ئەوەیان کردبوو کەدەسەڵاتەکانی حکومەتی تازەدامەزرێنراو بەوریایی سنوردار کراوە، بەجۆرێک کەمافەکانی تاک پێویستییان بەپاراستنی لەوەزیاتر نیە. زیاد لەوەش چەند لایەنگیرێکی دیکەی فیدرالیزم وای بۆ دەچوون کەبژاردنی مافی زیاتر پێویستی بەبەرپرسیارێتی زیاتر هەیە واتە ئەو مافانەی کەبەجەوهەریی دادەنرێن و سنوردار ناکرێن، دووچاری دەستتێوەردانی حکومەت دەبنەوە.

گەرچی نەیارانی فیدرالیزم لەچەنگی دارشتنی دەستوری ساڵی 1787 دا بەزین، بەڵام توانییان چەند تەنازولکردنێک بەسەر نەیارەکانیاندا بسەپێنن. ئەوان لەترسی دەسەڵاتی حکومەتی نیشتمانیی نوێ، داوایانکردن زنجیرەیەک پاراستنی دیاریکراویان بۆ مافەکانی تاک لەدەستوردا بنووسرێت. لەو کۆنفرانسانەدا کە لەویلایەتەکاندا رێکخران، سەرکردەفیدراڵییەکان بەڵێنیان پێدان پشتیوانی لەژمارەیەک هەموارکردنی گونجاو لەدەستورەکەدا بکەن. هەندێک لە ویلایەتەکان هەرەشەی پەسەندنەکردنی دەستوریان کرد، هەتا زامنی ئەوە دەکەن کەرەزامەندی بدرێت بەقەباڵەی مافەکان.فیدراڵیستەکان بەڵێنی خۆیان بردەسەر. لەساڵی 1789 دا، یەکەمین کۆنگرێسی ویلایەتەیەکگرتووەکان دەهەموارکردنی دەستوریان پەسەند کرد. لەساڵی 1791 دا قەبارى مافەکان کەئەو دە هەموارکردنەیان لەخۆگرتبوو، بەژمارەی پێویستی ویلایەتەکان پەسەندکرا. زیاد لەوەش هەموارکردنی نۆهەم — کەراشکاوانە ئەو مافە بنەرەتییانەی لەدەستوردا باسنەکراون، دەپارێزێت — بووەهۆی هێوربوونەوەی ئەو فیدرالیستانەی دەترسان لەوەی باسکردنی مافێکی دیاریکراو ببێتە هۆی زیانگەیاندن بەو مافانەی کە وەک ئەو باسنەکراون.

قەباڵەی مافەکان توانای حکومەت بۆ دەستدرێژیکردنە سەر چەند ئازادییەکی تاکەکان سنورداردەکات، کەئازادی ئاخاوتن، چاپەمەنی، کۆبوونەوە، هەروەها ئاین دەگرنەوە، هەروەها رێگە لەکۆنگرێس دەگرێت کەلەبارەی دامەزراندنی هەر ئاینێکی دیاریکراوەوە یاسا بەرێبخات، واتە دانی فەزلی ئاینێک بەسەر ئاینێکی تردا. نزیکەی دوو لەسەر سێی قەباڵەی مافەکان باس لەپاراستنی مافی گومانلێکراوان بەئەنجامدانی تاوان دەکات، یان ئەوانەی بەئەنجامدانی تاوان تۆمەتبارکراون. ئەم مافانە لەگەڵ خۆیاندا زامنی ئەوەش دەکەن کە پرۆسەی دادگاییکردن بەرێکوپێکی بێت و رەوا بێت، مرۆڤەکان ناچارنەکرێن خۆیان تۆمەتباربکەن، هەروەها سزای زۆر سەخت و نائاساییان بەسەردا نەسەپێنرێت، هەروەها نابێت دوو جار بەیەک تاوان سزا بدرێن. کاتێک قەباڵەی مافەکان پەسەندکرا، سەرەتا تەنها بەسەر کارەکانی حکومەتی نیشتمانیدا پیادەدەبوو.



هەموارکردنی ژمارە 13 ی 1865 و 14 ی 1868 و 15 ی 1879 کەپێیاندەوترێت هەموارکردنەکانی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەو دوای شەری ناوخۆ بەرێخران و مەبەست لێیان بنەبرکردنی کۆیلایەتی بوو، تەرخانبوون بۆ رێگەگرتن لەدەستدرێژیی ویلایەتەکان بۆ سەر ئازادییە مەدەنییەکان. لەماوەی 100 ساڵی رابردوودا، چواردەهەمین هەموارکردن گەرەنتی ئەوەیدا کەنابێت هیچ ویلایەتێک هاووڵاتییانی خۆی بێبەری بکات لەدادگایکردنی یەکسان یان پارێزرانی یەکسان لەلایەن یاساوە، بەوەش گەلێک ئازادیی دیکەخرانەپاڵ دەهەموارکردنەکەی پێشوو. بەشێوەیەکی تایبەتی دوای 1920 ەکان، دەهەموارکردنەکەی سەرەتای دەستور رۆڵێکی چالاکترو بەرچاوتریان بینی لەچارەسەرکردنی پرسە سەختەکانی سیاسەتی گشتییەوە- هەر لەدەستوریبوونی یاساکانی نوێژکردن لەخوێندگەکان و پشکنینی زۆرەملێ بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسەی مادەی هۆشبەر بەکاردەهێنێت،

تا دەگاتە کۆنترۆڵکردنی منداڵبوون و سزای مەرگ. ئەو پرەنسیپە بنەرەتیانەی دامەزرێنەران هێنابوویاننە کایەوە، وەک "دادپەروەری" و "ئازادی" و گۆشەنیگا دەستورییەکانی وەک "رەچاوکردنی رێوشوێنەیاساییەکان" و "پارێزرانی یەکسان لەسایەی یاسادا" لەلایەن نەوەنوێیەکانەوە مانای نوێیان پێدرا، ئەم گۆرانکارییانە زۆرجار پێبەپێی جوڵانەوە نارەزاییەکان و یاخیبوونی مەدەنی بوون، رەنگدانەوەی گۆرانی هەست وسۆزەمرۆییەکان و دابوونەریتە کۆمەلایەتییەکانە لەماوەی 200 ساڵی رابردوودا.

پاساودانی فەلسەفییانەی قەباڵەی مافەکان بەوەدەدرێتەوە کەژمارەیەک لەئازادییەکان لەدەستی زۆرینە دووردەخاتەوە، ئەویش بەرمەبنای ئەوەی کەبێبەرییکردنی هاووڵاتییان لەمافە بنەرەتییەکان دەبێتەهۆی رەوشی مەدەنییان خاپوور بکات و بگرە کاربکاتە سەر مرۆڤبوونیان. ئەومافانەی لەقەباڵەکەدا تۆمارکراون و دەستوریش زامنیان دەکات، کرۆکی فەرمانرەواییکردنی ئازاد پێکدەهێنن. دەشێت مافەمەدەنییەکان راستەوخۆ لەمافەسروشتییەکانەوە بێن، یان بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لەرێوشوێنەسیاسییەکانی ناو کۆمەڵگەوە بێن کەبەرمەبنای رەزامەندی خەڵکەوە بیناکراون، کە لەرێگای دەستورو یاسای گشتی و بنەما یاساییەکانی ترەوە پێیان دەبەخشن. چیرۆکە سەرکەوتووەکەی جەیمس مادیسۆن و هاوەڵەکانی لەکۆنفرانسی دەستورو یەکەمین کۆنگرێسدا، پیشانماندەدات کەئەوان پرۆسەیەکی خۆ-رێکخەری پرۆسەو پێکهاتەکانیان دانا کەدەشێت بەشێوەیەکی یاسایی مافەکان بەرکاردەخات و ستاندارەدەکانی دانپێدانانیان لەویلایەتەیەکگرتووەکاندا فەراهەمدەکات.

**سیستمی دەستوری سەیری پشتەوەی رێوشوێنەکانی هەڵبژاردنی حکومەت دەکات و چاو دەبرێتە ژمارەیەک رێوشوێن کەلەرێگای دەستاودەستکردنەوە دادەنرێن، جیا لەهەستو سۆزە جەماوەرییەکان، کەداکۆکی لەئازادی تاک و سەروەری یاسا دەکەن**

### دەستوریبوون، ئازادی و نەزمی نوێی جیهان

کۆتایهاتنی جەنگی سارد لەپاڵ هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤێت و دەولەتە کۆمۆنیستەکان لەئەوروپای خۆرهەلات، هەستێکی سەرکەوتن و گەشبینی لەبارەی ئەو پەیمانەی لەبیرکردنەوەی لیبرال دیموکرات و حکومەتی دەستوریدا هەبوو. لەکانونی یەکەمی 2000 دا، دامەزراوەی قازانج نەویستی فریدەم هاوس، کە لەسەرانسەری جیهاندا بانگەشە بۆ پێشخستنی دیموکراسی دەکات. تۆژینەوەیەکی گەورەی بڵاوکردەوەو تێیدا وردەکارییەکانی مافە سیاسییەکان و ئازادییە مەدەنییەکانی ناو 191 وڵاتەکەی جیهانی ئەوکاتی خستەروو. تۆژینە کە بەناونیشانی ئازادی لەجیهاندا 2000-2001، رونیکردەوە کە دەهەیەک دەبێت کەرەوتێک بەرەو بەدیهێنانی دەسکەوتە ئەرێکان لەبواری ئازادیدا دەستی پێکردووەو لەساڵی 2000 یشدا بەردەوامی هەبووە. بەپێی رووماڵی ساڵانەی ئەو رێکخراوە، 86 وڵات کەنوێنەرایەتی 2.5 ملیار کەس دەکەن (یان (47٪ ی دانیشتوانی جیهان، بەرزترین رێژەیە لەمێژووی رووماڵکردنەکەدا) بە"ئازاد" دادەنرێن. دانیشتوانەکانیان زنجیرەیەکی بەرین مافیان هەیە. 59 وڵاتیش کەنوێنەرایەتی 1.4 ملیار کەس دەکەن (23٪) بە"تا رادەیەک ئازاد" لەقەڵەمدران. مافە سیاسییەکان و ئازادییە مەدەنییەکان لەم وڵاتانەدا سنووردارن، بەزۆریی گەندەڵیی، هەژمونی پارتە فەرمانرەواکان و لەهەندێک حاڵەتیشدا، مەیلی نەژادی یان ئاینی بەسەریاندا زاڵە. رووماڵەکە پیشانیدەدات کە47 وڵات کەنوێنەرایەتی 2.2 ملیار کەس دەکەن (35.5٪)، لەخانەی "نائازاد"دان. دانیشتوانی ئەم وڵاتانە لەمافە سیاسیە بنەرەتییەکان و ئازادییە مەدەنییەکان بێبەریین.

رووماڵەکەی فریدەم هاوس سەرلەنوێ جەخت لەسەر ئەو بۆچوونە دەکاتەوە کە چیتر هیچ بەدیلێکی متمانەپێکراو بۆ دیموکراسی لەئارادا نەماوە، دیموکراسی بووە بە قەڵای چەسپاوی مۆدێرنە. بەشێکی تر لە کەلەپوری ئەم ماوەیەی دوای جەنگی سارد تەحەدایەکی زۆرو گیروگرفتێکی زۆری بۆ سیاسەت دروسکەران و بیرمەندانی سیاسی وەکو یەک دروستکردووە. زۆرجار ئەو رژێمە دیموکراسییانەی بەهەڵبژاردن هاتوون یان جارێکی تریش هەڵبژێردراونەتەوە، یاخود لەرێگای ریفراندۆمەوە متمانەیان بەدەستهێناوەتەوە، بەشێوەیەکی رۆتینی سنورە دەستورییەکانیان کە بۆ دەسەڵاتەکانیان دانراوە، دەبەزێنن و هاووڵاتیانی خۆیان لەمافە بنەرەتییەکان و ئازادی بێبەرییدەکەن. لەزۆر ناوچەی جیهاندا، دیاردەیەکی نیگەرانکەر لەژیانی نێودەولەتیدا دەبینین، کەبریتییە لە دیموکراسی نالیبرال.

جیاوازی نێوان دیموکراسی و حکومەتی دەستوریی لێرەدایە. لەخۆراوا لانی کەم بۆ ماوەی سەدەیەک درککردن بەم گرفتە سەخت بوو، دیموکراسی و لیبرال دیموکراسی

256

پەنجەرە

ئایدیا واڵا

ببوونِ بەهاومانای یەکتریی. لە لیبرالیزمی دەستوورییدا تێکەڵەی ئازادییەکان لەرووی تیۆرییەوە لەدیموکراسی جیاوازە. لەسەردەمی ئەفلاتون و ئەرستۆوە، دیموکراسی مانای فەرمانڕەواییکردن لەلایەنی گەلەوەی گەیاندووە. چەندین بیرمەند گوزارشتیان لەم تێڕوانینە بۆ دیموکراسی، وەک پرۆسەیەک بۆ دەستنیشانکردنی فەرمانڕەوایان، کــردووە، هەر لەئەلێکسی تۆکیڤیلەوەتا دەگاتە جۆزێف شومپیتەرو رۆبێرت دال. سامویل هانتینتۆنگی زانای سیاسەت روونیکردۆتەوەبۆچی مەسەلەکەئاوایە: هەڵبژاردنەکان — کراوە، ئازاد، هەروەها رەوا — جەوهەری دیموکراسین، بناغەیەکە خۆڵێلادانی نیە، بەڵام لەوانەیە ئەو حکومەتانەی لەرێگای هەڵبژاردنەوە بەرهەمدێن، ناتوانا، گەندەڵ، کورتبین، نابەرپرسیاربن و کەوتبنەژێر هەژموونی چەند بەرژەوەندییەکی تایبەتەوەو نەتوانن سیاسەتی وەها پێڕەو بکەن کەچاکەی گشتییان لێبکەوێتەوە. لەکاتێکدا کەئەو خاسییەتانە وادەکەن ئەوجۆرە حکومەتانە خواستراو نەبن، بەڵام نابنەهۆی ئەوەی بڵێین نادیموکراسین. دیموکراسی یەکێکە لەنیکی (فەزیلەت)ە گشتییەکان، تاکەنیکی نیە، دەتوانین لەپەیوەندی نێوان دیموکراسی و باقی نیکیی و بەدییەگشتییەکان تێبگەین، ئەگەر دیموکراسی بەباشی جیاکرابێتەوەلەخاسییەتەکانی دیکەی سیستمە سیاسییەکان، بەڵام هەڵبژاردن و وەگەرخستنی جەماوەر هەمووجارێک ناگەن بەدامەزراندنی حکومەتێکی لیبراڵیی دەستووریی. نارەحەتییەکی روو لەزیادبوون بەرامبەر تەشەنەکردنی خێرای هەڵبژاردنە فرەپارتییەکان لەباشوری ناوەراستی ئەوروپا، ئاسیا، ئەفریقیا، ئەمریکای لاتین، سەریهەڵداوە، رەنگە هۆیەکەی ئەوەبیت کە دوای هەڵبژاردنەکان روودەدات. هەندێک لەو سەرکردەجەماوەرییانەی هەڵبژێردراون، بەسەر پەرلەمانەکانیاندا بازیانداوەو بەهۆی مەراسیمە سەرۆکایەتییەکانەوە فەرمانڕەوایی دەکەن، بەوەش مومارەسە دەستوورییە بنەرەتییەکان لاوازدەکەن.

دیارە شەبەنگێکی هەمەجۆری دیموکراسی نالیبراڵ هەیە، لەو سیستمانەوە کە سەرپێچی بچووک دەکەن، درێژ دەبێتەوە بۆ نیمچەستەمکارەکان. لەئەمریکای لاتین، گەلێک دیموکراسی زیاتر لەدەهەیەک خۆیان راگرت و لەئێستادا دووچاری بارودۆخی ئابوریی سەخت بوون، بێ ئەوەی هیچ گیروگرفتێکیان لەلایەن سوپا یان پارتە نەیارەکانیانەوە بۆ دروستببێت. و لە زۆربەی ئەو رژێمانەهێشتا جێگیر نین. چەند وڵاتێک لەبەردەمی لاوازییە دامەزراوەیی و بونیادییەکانی دیموکراسیدا خۆیان راگرتووە، بەڵام چەسپاندنی دیموکراسی بێ پشتیوانیی لیبرالیزمی دەستووریی، بەناتەواویی دەمێنێتەوە.

پێویستە لەپاڵ رێکەوتندا لەسەر چەند رێسایەکدا بۆ کێبرکێ لەسەر دەســەڵات، چەند رێگرییەکی بنەرەتی خۆبەخۆ لەگەردا لەسەر مومارەسەکردنی دەسەڵات هەبن. یەکێک لە کاریگەرییەکانی زێدەرۆییکردن لەچەختکردن لەسەر دیموکراسی پەتی وەک باشترین هەڵسەنگاندنی بوونی ئازادی، ئەوەیە هەوڵی ئەوتۆ نەدراوە بۆ خولقاندنی دەستوری تایبەت بەو وڵاتانەی بەقۆناغی گوێزانەوەدا تێدەپەرن. ئەم کارە هەروا بەئاسانی بەئەنجامدانی هەڵبژاردنی چەندبارەپان پرکردنەوەی لیستێک بۆ مافەکان ئەنجامنادرێت، بەڵکو بەپێکهێنانی سیستمێک دەبێت کەئەو مافانە پێشێل ناکات. سیستمی دەستوری سەیری پشتەوەی رێوشوێنەکانی هەڵبژاردنی حکومەت دەکات و چاو دەبرێتە ژمارەیەک رێوشوێن کەلەرێگای دەستاودەستکردنەوە دادەنرێن، جیا لەهەستو سۆزە جەماوەرییەکان، کەداکۆکی لەئازادی تاک و سەروەری یاسا دەکەن. ئەمەش پێویستی بەپابەندبوونێک لەنێوان دەستە بژێرەکاندا هەیە- لەتوێی میکانیزمی هەماهەنگیکردنەوە کە بەدەستوورو دامــەزراوە سیاسییە پەیوەندیدارەکانی وە گەردەکەوێت، زۆرجاریش لەرێگای رێکەوتن یان چارەسەرکردنیشەوە دەبێت، کە تێیدا حکومەت لەرێگای پێکهێنانی هاوپەیمانی نێوان پارتەسیاسییە دەرکەوتووەکان و گروپەخاوەن بەرژەوەندییەکانەوە، نەزمی خۆی دەپارێزێت. ئامانجەکە سەپاندنی سنورە بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا، گرنگیش نیە کە لەکاتێکی دیاریکراودا چ پارتێک یان بەرەیەک کۆنترۆڵی دەوڵەتە کەدەکات. لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، ودرۆ ویلسۆن ویستی جیهان بۆ دیموکراسی بسازێنێت. تەحەداکانی سەدەی داهاتوو بریتین لەوەی دیموکراسی بۆ جیهان بسازێنرێت.

**سەرچاوە؛**
http://www.ait.org.tw/infousa/zhtw/)
DOCS/Demopaper/dmpaper2.html)،
((22/12/2010